# شانۆی کوردی لە هەندەران

## (تیپی شانۆی ئارارات، ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا)

د. فازڵ جاف
(سوید)

لە هاوینی ساڵی هەشتا و دوو من و کوردۆ گەلاڵی لە شاری ستۆکهولم یەکدیمان ناسی، یەکترناسینەکەمان بە ڕێکەوت بوو، ئەو لە لووتکەی گەنجێتیدا بوو، وابزانم تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو، دیار بوو ئەو لە دوورەوە منی دەناسی، هەر یەکسەر باسی شانۆی کرد. هەر لە سەرەتاوە بووین بە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی، هەر لە یەکەم دیداریشەوە باسوخواسمان هەمووی دەربارەی شانۆ بوو، پیاسەی دوورودرێژمان لە شەقامەکانی ستۆکهۆڵم و دانیشتنەکانمان لە کافتریا و چایخانەکاندا باس و قسەی زارمان هەمووی دەربارەی شانۆ بوو. یەکەم جار بوو گەنجێکی خۆمانە ببینم، بەو شێوەیە ئالوودەی شانۆ بێت، هەرچی جارێک نمایشێکمان دیتبا، بە جۆشوخرۆشەوە باسمان دەکرد، بەئەندازەی زانین و شارەزاییمان تاووتومان دەکرد. هەردوو بەردەوام سەردانی شانۆکانی «ستۆکهۆڵم»مان دەکرد.

سەری ساڵی هەشتا و دوو بە شەمەندەفەر سەفەرێکمان بۆ ئیتاڵیا کرد، لە ناو ئەوروپا ئەمە یەکەم سەفەرمان بوو، ڕێگاکە دوورودرێژ بوو، بە دانیمارک و ئەڵمانیادا تێپەڕین، بە درێژایی ڕێگاکە باسی شانۆمان دەکرد، چەند باسی ئەو نمایشانەمان دەکرد، کە لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکران، ئەوەندەیش باسی شانۆی کوردیمان دەکرد. بەراوردەکان بەرچاوڕوونی پێ دەبەخشین، خولیای کارکردن و پێکهێنانی تیپێکی شانۆیی بە زمانی کوردی بیر و ئەندێشەی داگیر کردبووین.

هەر لەو سەروبەندەدا کەسێکم ناسی کە لە داهاتوودا، بۆ تیپەکەمان، تیپی شانۆی ئارارات، هاوکارێکی کاریگەر و پاڵپشتێکی ڕاستەقینە بوو، ئەویش خاتوو

(ماریکا فاینسیلڤەر)ی پسپۆری سینۆگرافیا بوو، کە ئەو کات سینۆگرافی شانۆی (ئاوروررا) بوو، ئەم خانمە خوشکی مامۆستای زمانی سویدیم بوو، مامۆستاکەم (سوزان فاینسیلڤەر) هەر لە یەکەم ڕۆژی خوێندنەوە کە زانی شانۆکارم، هاوسۆزییەکی تایبەتی بۆم هەبوو، لە دەرەوەی وانەکانی زمانخوێندن یەکترمان دەبینی و باسی شانۆمان دەکرد، پاش ماوەیەک منی بە ماریکای خوشکی ناساند، ماریکا سینۆگرافێکی لێهاتوو و شارەزابوو، هونەری سینۆگرافیای لە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیادا خوێندبوو، جگە لە کارە سەرەکییەکەی لە تیپی ئاوروررادا، نەخشەی سینۆگرافیای بۆ چەندان شانۆی دیکە کێشابوو. لە یەکەم دیداردا هەرسێکمان لە ماڵی ماریکا کاتێکی خۆشمان بەسەر برد، ماریکا چەند نەخشە و ماکێتی ( مۆدیلی دیکۆر) بەرهەمەکانی خۆی پیشاندام، هەستم دەکرد خەریکە شتگەلێک فێر دەبم کە جاران نەمدەزانین. لە ناو ماکێتەکاندا ماکێتی شانۆیی (شایی خوێناوی) گارسیا لۆرکا لە هەمووان زێدەتر سەرنجی ڕاکێشام، بەتایبەتی دیزاینی دارستانەکە، کە هەردوو پیاوە ئەویندارەکە، لە پێناوی ئافرەتیک لەوێدا ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە و یەکتر خەڵتانی خوێن دەکەن، مانگیش بە ڕوخساری زەردەوە بەسەر سەریانەوەیە، دەرختەکان هەموو باریک و ڕووتەڵە بوون، لە نێوانیاندا مانگێکی زەرد بە کزی خۆی دەنواند.

ئەوەی ماریکای هان دەدا کە بەگەرمییەوە باسی بەرهەم و داهێنانەکانی خۆی بکات، ڕادەی ئاشنایەتی من بوو بۆ ئەو بابەتانە، بۆ نموونە کە باسی قوتابخانەی پراگی لە سینۆگرافیادا دەکرد، بەلایەوە سەیر بوو، کە من هەندێک زانیاریم دەربارەی تایبەتمەندییەکانی هونەری سینۆگرافیای چیک هەبوو، ئاگاداری داهێنانە ناوازەکانی (سڤابۆدا)ی گەورە سینۆگرافی چیک بووم، ئەو سینۆگرافەی کە لە گرێدانی دیکۆر و پانتایی شانۆ بە ڕووناکییەوە بلیمەت بوو، سڤابۆدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تەکنۆلۆژیای شانۆ و سەمادا کرد. هەستم دەکرد پێی سەیر بوو کە گەنجێکی کورد، ئەوەندە نابێت گەیشتووەتە وڵاتی سوێد، شارەزایی لە شانۆنامەکانی ئیبسن و ستریندبێرگ و نووسەرانی دەرەوەی وڵاتانی ئیسکەندەناڤیا هەبێت. پاش گفتوگۆیەکی دووورودرێژ، بە سوێدییەکی نیوەناچڵ و ئینگلیزییەکی زۆر شەکەتەوە،



دیمەنێک لە شانۆیی «گێژەن»

باسی زۆر لایەنی شانۆی ئەو سەردەمەمان کرد. ئیدی لە ناکاوێک ماریکا گوتی:

دەتوانیت سبەینێ لە شانۆی ئەوروررا سەردانم بکەیت؟

گوتم بۆ نا؟ هەر زۆریشم پێ خۆشە.

ئەمە دەبێت بە یەکەم سەردانم بۆ شانۆیەکی سوێدی، یان ڕاستتر بڵێم بۆ شانۆییەکی ئەوروپایی.

ئەویش گوتی لە تیپ سەردانم بکە، حەز دەکەم سینۆگرافیاکە بە بەرجەستەکراوی لەسەر شانۆ و لەکاتی نمایشی ئەکتەرەکاندا ببینیت. مۆڵەت لەڕێژبسۆرەکەمان وەردەگرم کە ڕێگا بدات، ئامادەی پرۆڤەی ئەکتەرەکان ببیت، پاشان نیوەڕۆیش پێکەوە نان دەخۆین.

بۆ سبەینێ کوردۆم لەگەڵ خۆم برد، ئەم سەردانەم بۆ شانۆی ئاوروررا سەردانێکی ئیلهامبەخش بوو، بۆ بیرۆکەی دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی، ئەندێشەیەکی وزەبەخش بوو.

شانۆی ئاوروررا یەکێک بوو لە تیپە سەربەخۆ و چالاکەکانی هەشتاکان، کە دەڵێم سەربەخۆ مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە شانۆییەکی دەوڵەتی، یان فەرمی نەبوو.

بۆ ئەوەی لە دەستەواژەی تیپی سەربەخۆ تێبگەین،

باشتر وایە تۆزێک لەڕووی کارگێڕی و پیشەییەوە باسی پێکهاتەی بزاڤی شانۆی سوێدی بکەم.

ئەگەر بمانەوێت لە پێکهاتە و هەیکەلیەتی شانۆی سوێدی، یان بەگشتی لە پێگهاتەی بزاڤی شانۆیی هەر ولاتێکی ئەوروپای ڕۆژئاوا تێبگەین، لەڕووی میکانیزمی کارگێڕی و گۆشەنیگای سەندیکای شانۆکارانەوە، بەم جۆرە پۆلێن دەکرێت:

شانۆی فەرمی، یان دەوڵەتی، یان دامەزراوە: ئەم تەرزە شانۆیانە ئەوانە دەگرێتەوە کە سەر بە دەوڵەتن، وەک شانۆی دراماتن لە سوێد، شانۆی ناشناڵ لە لەندەن، شانۆی بۆلشۆی لە مۆسکۆ، کۆمیدیای فرانسیز لە پاریس...تاد. دەوڵەت خۆی ئەرکی دارایی ئەم شانۆیە دەگرێتە ئەستۆ، هەموو شانۆ نەتەوایەتییەکانی ولاتان دەکەونە ئەم خانەیەوە.

شانۆی شار: شانۆییەکە تایبەتە بە شار، ئەم جۆرە شانۆیە بە پلەی یەکەم لە شارە گەورەکان و هەندێ لە شارە ناوەندییەکاندا هەن، شانۆی شار بە پلەی یەکەم لەلایەن شارەوانی شارەکەوە بودجەی بۆ دابین دەکرێت.

جۆری سێیەم، تیپە ئازادەکان، یان تیپە بچووکەکان دەگرێتەوە کە نیوە بە نیوە کۆمەک دەکرێن، بەزۆری لە شێوەی پرۆژەدا، لەلایەن شارەوانی و دەزگا کولتوورییەکانەوە کۆمەک دەکرێن، بەگشتی بەشێکی بودجەی خۆیان لەڕێگەی کۆمەکەوە دابین دەکەن، بەشێکی دیکەشی دەبێت خۆیان لەڕێگەی بلیت فرۆشتنەوە دەستەبەری بکەن.

ئەوانەی شارەزای مێژووی شانۆی سوێدین، ئاگاداری ئەوەن کە تیپە شانۆییەکانی سوێد، بەتایبەتی لە ستۆکهۆڵمی حەفتاکان و هەشتاکاندا تەواو لە گەشە و پێشکەوتندا بوون، هەریەک لە تیپە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە لەسەر شێواز و ڕێباز، یان میتودێکی شانۆیی تایبەت کاری دەکرد، هەریەک لەو تیپانە بە پیادەکردنی شێوازێکی تایبەت ناسراوبوو. میتودەکانی مییرهولد و برێخت و گرۆتۆڤسکی و داریۆ فۆ و کۆمیدیای میللی و شێوازی شانۆی ئودین و باربا کە لە شانۆی دەوڵەتیدا نەدەبینران، لەو تیپانەدا پیادە دەکران. زۆربەی ئەندامانی ئەو تیپانە گەنجی خوێن گەرم بوون، هەر بۆیە زۆربەی بەرهەمەکانیان سیمای بوێری و شەقڵی ئەزموونگەرێتی و خولیای سۆراخ و پشکنینیان پێوە دیاربوو.

لە ناو ئەو تیپانەی شاری ستۆکهۆڵمدا، پایەی سێیانیان لە پایەی هەموو ئەوانی دیکە بەهێزتر بوو:

تیپی شەهرەزاد کە تایبەتمەندێتی خۆی لە پیادەکردنی میتودی بیومیکانیکی مییرهولددا سەلماندبوو، لە کتێبەکەمدا فیزیکی جەستە، تەوەرێکم بۆ ئەم تیپە و کارەکانی ولیام کارلسۆنی ڕێژیسۆری تیپەکە و تۆم فیوردە فالکی ئەکتەر تەرخان کردووە. دەکرێت بڵێم تیپی شەهرەزاد یەکەم تیپی ئیسکەندەناڤی بوو کە کاری لەسەر ڕێبازی مییرهولد دەکرد.

تیپی پیستول ( دەمانچە) تیاتر، کە کاریگەرێتی کۆمیدیای دیل ئارتێ و شێوازی داریۆ فۆی پێوە دیار بوو، لە ناو ئەکتەرانی ئەم شانۆییەدا، بە دوو ئەکتەر زۆر سەرسام بووم، (ئێریک ئەپلگرێن) و ( کیم ئەندێرسۆن) کە لەسەر میتودی کۆمیدیای دێل ئارتێ کاریان دەکرد. ساڵی هەشتا و سێ کە بۆ یەکەم جار ئەم دوو ئەکتەرەم لە شانۆنامەیەکی داریۆفۆدا بەناوونیشانی (خۆشەویستییەکی ئازاد)، پاشان لە نمایشی شانۆنامەی ( قوتابخانەی خانمان)ی مولییردا بینیم، بۆ یەکەم جارم بوو کە بەکردەیی تێبگەم شانۆی کۆمیدیای دێل ئارتێ چییە و دەبێت چۆن نمایش بکرێت، شێوازی نمایشی ئەو دوو ئەکتەرە لەڕێپێرتواری ئەکتەرە داهێنەرەکانی ئەندێشەمدا بە نەمری ماوەتەوە.

تیپی سێیەم شانۆی ئاورورا بوو، کە خاتوو ( هیلدا هێلڤیک) دەرهێنەریان بوو، هیلدا شانۆکارێکی گەنج بوو، لە بنەچەدا خەڵکی جەرمەنستان (هەنگاریا) بوو، ئەم تیپەیش ئەوەندەی ئەو کات لێی تێگەیشتم، کاری لەسەر فۆرم دەکرد، بەو مانایەی کە فۆرمی دراماتیکی دژە ڕیالیزمی نزیک لە ئەبسێورد( نامەعقول) و گرۆتێسک، وەک دواتر بۆم دەرکەوت، بە سەر نمایشەکانیاندا زاڵ بوو.

هیلدا ئەو کات لە بیستەکانی تەمەنیدا بوو، لە بواری دەرهێنانی شانۆییدا ئەزموونی هێشتا لە سەرەتادا بوو، بەڵام ئێستا یەکێکە لە دەرهێنەرە ناسراوەکانی ولاتانی ئیسکەندەناڤیا، لە زۆربەی شانۆیە گەورەکانی سوێد و نەرویج و دانیمارک و فینلاند کاری کردووە، هەروەها وەک پرۆفیسۆری بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە ئەکادیمیاکانی ئەو ولاتانەدا وانەی دەرهێنانی شانۆیی

دەڵێتەوە.

تیپە شانۆییەکانی سوێد کە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا لە برەو و گەشەدا بوون و چەندان ئەزموونی نوێیان هێنایە ئاراوە، لە کۆتایی هەشتاکانەوە لەلایەن دەوڵەتەوە کۆمەکیان کەم کرایەوە، ئیدی هێدی هێدی بەرەو کزبوون و خامۆشی دەڕۆیشتن، تاکو یەک لە دوای یەک لەبەر کێشەی نەبوونی بودجە هەڵوەشانەوە. ئەوەبوو زۆربەی شانۆکارانی ئەو تیپانە ناچار بوون بۆ کارکردن ڕووبکەنە شانۆیە فەرمییەکان، یەک لەوانە هیلدا هێلڤیک بوو کە ئاماژەم پێکرد، هەروەها ماریکا فاینسلیڤەر کە پاشتر کاری سینۆگرافیای لە زۆربەی شانۆیە فەرمییەکاندا ئەنجام دا.

کە دەڵێم ئەم سەردانەم بۆ شانۆی ئاورورا گرنگ بوو، ڕەنگە بەلای کەسانێکەوە سەیر بێت، بۆ دەبێت سەردانی شانۆییەک بۆ من گرنگ بووبێت! بۆ من ڕووداوێکی لەو جۆرە شادی بەخشە، ئیدی هەرکەسە و بە شتێک دڵی خۆشە، من بە میوانداریتی شانۆیەکی ڕاستەقینە و ئەزموونێکی ناوازەی هونەر، بە ئاشنابوون لەگەڵ شانۆکارانی هاوپیشە و هاوخەمم، شاد دەبم، دەشزانم هەمیشە ئامانج و ئەنجامێکی باشی لێ دەکەوێتەوە. ئەو سەردانەی شانۆی ئاوروڕایشم هەروا کەوتەوە، کە پاشتر بوو بە سەرچاوەی ئیلهامم لە دروستکردنی تیپی شانۆی ئاراراتدا، پێکهات و میکانیزمی ئاورورا بۆ من ئیلهامبەخش بوو، ئەندێشەی وروژاندم بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە چۆن لە ئاییندەدا تیپێکی بچووکی تایبەت و جیا هەڵکەوتوو دابمەزرێنین، هەروەها چۆن سەرەڕای داهاتی کەم، بە چەند کەسێکی کەمەوە، بتوانین پرۆفیلێکی تایبەت بە تیپەکەمان ببەخشین.

شانۆی ئاورورا لە سەرەتای هەشتاکاندا کەوتبووە لێواری شاری ستۆکهۆڵم، سینەمایەکی کۆنیان کردبوو بە شانۆیەکی جوان، پاش چەند ساڵێک، کە لەلایەن شارەوانی ستۆکهۆڵمەوە باشتر کۆمەک کران، گواستیانەوە بۆ ناو جەرگەی شاری ستۆکهۆڵم.

گەیشتینە شانۆکە، یەکەم جارمانە بڕۆین بۆ ئەو ناوچەیە، ماریکا لە پێش شانۆکە چاوەڕێی دەکردین. یەکسەر ئێمەی برد بۆ سەر تەختەی شانۆکە، دواتر بە هیلدا هێلڤیکی ناساندین، ئەویش بەگەرمییەوە بەخێرهاتنی کردین.



**دیمەنێک لە شانۆیی «گێژەن»**

ماریکا وەک خۆی گوتی مەبەستی بوو دیزاینی سینۆگرافیاکەیمان پیشان بدات. لە ماڵی خۆیان ماکێتی ئەم شانۆیەی پیشان دابووم، ئەمڕۆ بە کۆنکرێت و بەکردەیی لەسەر شانۆ دەیبینین.

شانۆنامەکە (کوڕە بووکەڵەیەک) لە چیرۆکێکی نووسەری دانیمارکی (مارتین ئەندیرسۆن)ەوە ئامادەکرابوو، ماریکا پوختەی چیرۆکەکەی بە سوێدییەکی ئاسان و ڕەوان بۆ باسکردین، تێگەیشتم کە بابەتەکە تەواو سایکۆلۆژییە، چیرۆکەکە باسی لە ئازاری دەروونی باوکێک دەکرد، بێ بەزییانە ئازاری کوڕە تاقانەکەی خۆی دابوو، کوڕەکەیش لە دەستی هەڵهاتبوو، ئێستا ویژدانی ئازاری دەدات. هەر لەو ساڵەدا هیلدا ئەو چیرۆکەی کرد بە فیلم، ئەو فیلمەیش یەکەم کاری سینەمایی ئەو بوو.

پرۆڤەی ئەو ڕۆژە دوا پرۆڤە (جەنەراڵ)ی پێش نمایشی یەکەم بوو. لە تاریکیدا لە پێش شانۆیەکی بەتاڵ دانیشتین، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، ئەوە بوو کە هیچ شتێکم لەسەر شانۆکەدا، بەغەیری ڕووبەرێکی بەتاڵ بەدی نەدەکرد، ئەوەی لە ماکێتی سینۆگرافیاکەدا ماریکا پیشانیدام، لەسەر شانۆکەدا نەبوو، ماوەی چەند خولەکێک ڕووبەری شانۆکە هەر بەبەتاڵی مابووەوە، چاوەڕێم دەکرد لەلاتەنیشتەکانەوە دیکۆرەکان پەیدا ببن، بەڵام لەناکاوێکدا هەر ئەکتەرەکان خۆیان، دیکۆر و مێز و کورسی و کەلوپەلەکانیان لە ڕووبەری شانۆکەوە، واتە لە ئەرزەکەوە، وەک ئەوەی سەری دەلاقەیەک هەڵبدەنەوە، یان چەکمەجەیەک بکەنەوە، دیکۆر و شتەکانیان دەردەهێنا ، پاش تەواوبوونی دیمەنەکە، دایان دەخستنەوە،

بەو شێـوەیە پێـویسـتـیـیـان بە دیمەن گـۆڕین نەبوو، لە کۆتاییشـدا، بەچەشنی سـەرەتای نمایشـەکـە، ڕووبەڕووی شانۆیەکی بەتاڵ بووینەوە. ئەم جۆرە سینۆگرافیایە بۆ من نوێ بوو، یەکەم جارم بوو ئەم شێوازە ببینم، یەکەم جار بوو بە شـێـوەیەکی ئاسـان، بە مـیکانیـزمـێکی سـادە، هاوئاهەنگییـەکی لەو جـۆرە لە نێـوان دیکۆر و پانتـایی بەتاڵ ببـینـم، لەم نمایشــەدا هەردوو دیمەنی بە دیکۆر بەرجەسـتـەکـراو و مـیـزانسـێنی سـەر پانتـایی بەتاڵ، بەشـێـوەیەکی دینامـیـکی یەک لە دوای یەک ئەنجـام بدرێن.

پاش جەنەڕاڵ پرۆڤەکە گفتوگۆیەکی گەرم لە نێوانماندا ساز بوو، بەداخەوە دەرهێنەرەکە لەبەر پرۆڤە نەیتـوانی ئامـادە بێت، مـاریکا باسی لەوە کـرد کـە لەو شـانۆیەدا چەند بایەخ بە فـۆرم دەدەن. دیارە ئەوەی دەربارەی فـۆرم دەیگوت لە نمایشەکەدا تارادەیەک ڕەنگی دابووەوە، بەڵام بە بۆچوونی خۆم کارکردنی تیپەکە لەسەر فۆرم، بەزۆری لە سینۆگرافیاکەدا، نەک لە نواندنی ئەکتەرەکاندا، نەک لە میزانسێنەکان (جووڵە و دابەشبوونی ئەکتەرەکان)دا بەرجـەسـتـە بووبوو، ئەمـە تێـبـینی ئەو کـاتەم بوو. دەستخۆشیم لە ماریکا کرد، پێم وابوو کە تایبەتمەندێتی نمایشـەکـە بە پلەی یەکـەم بۆ سـینـۆگـرافـیـاکـەی ئەو دەگەڕایەوە. پێم گـوت کە ئەو فۆرمێکی داهێنەرانەی بۆ ژینگەی شانۆنامەکە خوڵقاندووە، هەروەها پانتاییەکی دینامـیـک و وزەبەخشی بۆ ئەکـتـەرەکـان ڕەخسـاندووە. پێشم وابوو، دەکرا دەرهێنەر پتر سوود لە داهێنانەکەی ئەو وەربگرێ، دەکـرا باشـتـری بەکـار هێنابا، پێم وابوو دەرهێنەر هێـشـتـا هەنگاوێکی دیکەی مـابـوو بۆ ئەوەی فـۆرمـەکـان لەگـەڵ فـۆرمی سـینـۆگـرافـیـاکـە جـووت و هاوئاهەنگ بـکات، بـەتایبـــەتی لە ڕێگای هونەری نواندنەوە، بە شێوەیەک کە ئەگەر کرابا شێوازی نواندنی ئەکـتـەرەکـان، کـە لە ڕادە بەدەر سـایکۆلۆژیانە بوو، زۆر جەختیـان لەسـەر دەروون و ناوەوە کردبوو، لەگەڵ فۆرمی سینۆگرافـیاکە نزیکتر بوایە، جەختکردنی بێ ئەندازەی دەرهێنەر لەسەر لایەنە دەروونییـەکە، ڕێگای لە فـۆرمی دەرەوە گرتبوو، هەندێک جار هەستت دەکرد سینۆگرافیا لە جیـهـانێکدایە، نواندنیش لە جیـهـانێکی دیکەدا و یەک ناگرن، ئەگەر ئەو هاوئاهەنگییە لە نێوان هونەری نواندن و بینای سینۆگرافیادا ئەنجام درابا، ئەوە نمایشەکە دوو هێندە نایابتر دەبوو، بەڵام بەبۆچوونی ئێستام دەڵێم: ئەمـە هزرێکی مـیـیـرهولدییـانەیە، کـە ڕەنگە هەمـوو ڕێژیسۆرێک پەی پێ نەبات.

سەردانەکەمان بۆ شانۆی ئاوروراو وزە و تینێکی گەرمی پێ بەخـشـین، لە گـەڕانەوەمـاندا بە شـەمـەندەفـەر، بە درێژایی ڕێگاکە، من و کوردۆ، باسمـان لەوە دەکرد چۆن ئێمەیش تیپێکی بچووک بە کارەکتەر و پروفیلی جیاواز دروست بکەین.

## کێن ئەو شانۆکارانەی دەشێت کارمان لەگەڵدا بکەن؟

بەردەوام ئەم پرسـیارەمـان لە خـۆمان دەکـرد، هەرچەند سۆراخمان دەکرد، چەند ئەم مەسەلەیەمان تاووتو دەکرد، لە دوو شـانۆکـار زیاترمـان شک نەدەبرد، پشکۆ ناکـام و قاسم عەزیز، چونکە تاکو پێمان نەخستەبووە ناو ساڵانی نەوەدەکـانەوە، ژمـارەی شـانۆکـارانی کـورد لە ئەورووپا ئەوەندە زۆر نەبوون، بەتایبەتیش ژمارەیان لە یەک شاردا ئەوەندە نەبوو کە تیپێکی شانۆیی لێ پێکبهێرێت، بەڵام هەر لە سـەرەتای نەوەدەکـانەوە ئـیـدی ژمـارەیەکی زۆری شــانۆکــارانی گــەنج لە دەرچـووانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، ڕوویان لە ئەورووپا کرد.

پشکۆ ناکام و قاسم عەزیز ئەو دوو شانۆکارە بوون کە بۆ دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی کوردی هەر لەسەرەتاوە دەستپێشخەر بوون، پشکۆ ناکام کاتی خۆی لە سلێمانی وەک ئەکتەر لە چەند شانۆنامەیەکدا کاری کردبوو، قاسم عەزیزیش ئەکتەرێکی چالاک و ناسراوی شاری هەولێر بوو.

ئەم چوار شـانۆکارە کـەسـانی سەرەکی و دامـەزرێنەری تیـپی ئارارات بـوون، بەڵام پاشـتـر کـە فـەرمـان جـاف گەیشتە سوێد، ئیدی وەک تەکنیکار ڕۆڵێکی گرینگی لە نمایشەکانی تیپدا بینی. هەر لەو سەردەمەدا کە زانستی شانۆم لە زانکۆی ستۆکهۆڵم دەخوێند، ئاشنایەتیم لەگەڵ ئاریا پەیدا کرد، کە پاشتر پێکەوە هاوژینمان پێکهێنا، ئاریاش ڕۆڵێکی گرینگی لە یارمەتیدانماندا هەبوو.

ئاریا کـاروباری ئەدەبی، نووسـراو و نامـە و فـۆتۆ و کاری فەرمی تیـپی لە دەزگا کولتوورییەکاندا جێبەجێ دەکرد، دەتوانم بڵێم هەموو ئەو نووسینانەی کە بە سوێدی بوون، هەر لە نامــەوە تا پرۆگـرامی تیپ، تا دەگـاتە

پۆستەر و پرۆگرامی نمایشەکە، ئەو جێبەجێی دەکردن، بە کورتی ئاریا بەرپرسی لایەنی ئەدەبیی سویدیمان بوو.

لایەنە ئەدەبییە کوردییەکەیش وەک نووسین و سەرپەرشتی پۆست و نامەکانی تیپ و چاپکردنی تێکست بۆ مەشق و پرۆڤەکردن پشکۆ ناکام بەرپرسی بوو.

قاسم عەزیز کە هەر لەو کاتەوە ئارەزووی فیلم و کامێرای هەبوو، توانیمان سوود لەو تایبەتمەندێتییەی وەربگرین. بە هەمان شێوە کوردۆ، کە سەرەڕای ئەوەی وەک ئەکتەر کەسێکی خاوەن توانست و سەلیقە بوو، لە هونەری موزیکیشدا لێهاتوو بوو. زۆربەی کاروباری تۆمارکردنی موزیک و کاریگەری دەنگیی بۆ نمایشەکان جێبەجێ دەکرد، هەر پاش ماوەیەک کاک جەمال نیزامەددین کە شارەزای موزیک بوو، ئەویش لەو بوارەدا بە تایبەتی و لە بواری تەکنیک بەگشتی، هاریکارمان بوو.

## کێشەی ئەکتەر

بەر لەوەی بڕیار لەسەر هەر پرۆژەیەک بدەین، دەمانزانی کە کێشە گەورەی تیپەکەمان کێشەی ئەکتەربوو، کەمیی ژمارەی ئەکتەر بۆ هەر تیپێک، پاش کێشەی ڕێژیسۆر، سەختترین کێشەیە، خۆ ئەگەر ڕێژیسۆرێکی لێهاتووی نەبێت، ئەوە باشتر وایە هەوڵی دامەزراندنی تیپی شانۆیی نەدەن. کێشەی ئێمە کێشەی ئەکتەر بوو، هەموو کێشەیەکی دیکە دەکرێت چارەسەر بکرێت، بەتایبەتی لە ئەوروپادا، بەڵام کێشەی ئەکتەر، گەورەترین کێشەیە، بەتایبەتی لە ئەوروپا کە چارەسەری نییە. ئێمە سەرەڕای کەمیی ژمارەی ئەکتەرەکانمان کە لە سێ کەس زیاتر نەبوون، ئەکتەری ئافرەتیشمان نەبوو، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورەتر بوو.

## کێشەی نەبوونی ئەکتەر چی لێ دەکەوێتەوە؟

کەمیی ژمارەی ئەکتەر، واتە ناچار دەبین بە شانۆنامەیەک دەست پێ بکەین کە ژمارەی کەسایەتییەکانی لە سێ کەسایەتی پتر نەبن، ئەمەیش لەگەڵ خواستی مندا، وەک ڕێژیسۆری تیپەکە نەدەگونجا، بەتایبەتی کە دەمویست بە شانۆنامەیەکی گەورە دەست پێ بکەین، بە کارێکی گەورە خۆمان بە خەڵک بناسێنین، ئەمە بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەم بوو، بەش بەحاڵی خۆم، زۆر خۆشیم بە کاری شانۆیی یەک کەسی و دوو کەسی نەدەهات، وەک ئەزموونیش ئەو کات، هیچ ئەزموونێکم لەگەڵ ئەو جۆرە شانۆنامانەدا نەبوو، ڕاستییەکەی من هەر لە سەرەتاوە حەزم دەکرد کار لەسەر ئەو شانۆنامانە بکەم، کە ژمارەی کەسایەتییەکانیان زۆر بوون.